www.kurdistannet.org 8-6-2003

# نامه یه کی کراوه

ویرِای رِیّز و سلاّو

ماوه یه ك له مه و به ر به سه فه ریّکی کورت به ره و _ Van وان چوم که له چه ند رِوّژی مانه وه مدا، له گه لّ کوّمه لّیّکی زوّر په نابه ری کورد به ره و رِوو بوم که به بوّنه ی کیّشه ی جوّراوجوّری سیاسی و کوّمه لاّیه تی له گه لّ حکومه تی ئیّراندا له تورکیا گیرسابونه وه .

دیاره ئه و په نابه رانه کیّشه ی جوراوجوّریان بوو و له رِیّگای جوّراوجوّره وه ش هاتبونه ناو خاکی تورکیا .

کوّمه لّیّك له وانه راسته و خوّ به رِیّگای قاچاغ دا هاتبوون که هه ندیّکیان تائیّستا وه زعی که یس و مساحبه کانیان دیار نه بوو و هه روه ها هه ندیّکیشیان ( به رِاده یه کی که م ) وه لاّمی قه بولّی یان وه ر گرتبوّوه . به لاّم زوّربه ی هه ره زوّریان ماوه یه کی زوّر دریّژخایه ن بوو له تورکیا نیشته جیّ بون .

له نیّو په نابه ره کاندا به برِوای من سیاسی یه کان و ئه وانه ی وه ك ئه ندام ولایه نگرانی حیزبه سیاسی یه کورده کان * کومه لّه ی زه حمه تکیّشان ، حکا ، حیزبی دیمکرات * هاتبونه تورکیا زوّربه ی هه ره زوّری ئه م جه ماعه تانه یان پیّك دیّنا که له زوّر بابه ته وه وه زعیان خرابتر بوو له په نابه ره کانی تر .

ئه و کوّمه لّه که سانه ی که کوّنه پیّشمه رگه بوون ، و هیچ جوّره بنه مایه کی ئابوری یان نه بووه له پیّشدا ، و کاتیّك گه یشتونه ته ئه ویّ و له تورکیاش ماوه یه کی زوّر ماونه ته وه به بوّنه وه ، وه زعیان نه ته نیا له باری ئابوری یه وه ، به لّکو له باری ده رونی شه وه به بوّنه ی چاوه رِوانی زیاتر له پیویست و رِون نه بونی وه زعی په روه نده که یان ، ماوه له گه لّ ماوه به ره و خراپتر بون چووه ، به تایبه ت ئه و خیّزانانه ی که یه ك یان چه ند منالّی وردیشیان هه یه .

هه روه ها به شیّك له وکه سانه که ئه ندام و لایه نگرانی حیزبه کوردی یه کانن ، زه مانیّك قه بولّی UNیان له عیّراق هه بووه ، به لاّم به ر له بلاّوبونه وه ی یه که م شایعاتی شه رِی عیراق له لایه ن ئامریکا و هاوپه یمانه کان یانه وه و به بوّنه ی هه ستکردن به نائه منی له لایه ن ده خاله ت و ده ست دریّژی کردن له لایه ن رژِیّمی ئیّرانه وه ، ئه و کوّمه لّه په نابه ره که له عیّراقیش چه ند سالّ بوو چاوه رِوانی ناردنیان ده کرد، به ره و تورکیا هاتون که ماوه ی چه ند سالّیکه له ویّش چاوه رِوانی به رِیّکردنیان بوّ وه لاّته کانی ئوروپای ده که ن . ئه م کوّمه لّه په نابه ره یارمه تی ئابوری یان پیّ نادریّ چونکه ئه وان له عیّراق قه بولّی یان هه بوه و له تورکیا یارمه تی ئابوری یان پیّ ناده ن .

ئه وانه ی که به ته نیان و له وان Van یان شاره سنوری کانی تر دا ، له که له وایه

كدا به كرێ يه كی گران و به شێوه يه كی ناخۆش ده ژين وئه گه ر كه سێكيان له ده ره وه هه بێ و يارمه تی يان بده ن ، هه نديێك وه زعيان باشتره .

به ڵام ئه م كۆمه ڵه ی تر (هه رله م جه ماعه ته )كه چه ند منداڵی ورد يان هه يه و خێزاندن ، وه زعيان نه له باری ئابوری و نه له باری ده رونی شه وه باشه و هه ميشه له مه ترسی يه كی زۆرگه وره ش دا ژيان به سه ر ده به ن . هه روه ها زۆرجار له رۆژه كانی خۆناساندنيان به ئيداره ی ئه منی تورك (جارێك تا دوو جار له حه وتودا ) ده كه ونه به ر هه ره شه و لێدانی كاربه ده ستانی پۆليسی تورك .

بۆيه مه به ستم له م نامه يه ئه وه بوو كه داوابكه م له و كورده به ڕێزانه ی كه له هه رشوێنێك ده ژين ، هه ر كه س كه ئه م نامه يه ده خوێنێته وه و ئيمكانی ده ستگه يشتن به ئينتێرنێت يان فاكسی هه يه ، هه وڵ بدات په ياميێك بۆ بنكه ی نه ته وه يكگرتوه كان له توركيا بنێری . كه به بڕوای من و ئه و كه سانه ش خۆی هه نگاوێكی گه وره يه بۆ وه بير هێنانه وه ی كاربه ده ستانی UNHCR له وه زعی په روه نده ی ئه و په نابه رانه .

ناوه رۆكی په يامه كه ش ده بێ ڕووبكاته ئه و په نابه ره كورده ئێرانی يانه ی كه له عێراقه وه هاتونه ته توركيا . فاكسه كانيش ده توانن به هه ر زمانێك بيان نوسن ، به ڵام له سه ره وه ناوی زمانه كه به لاتين بنوسن .

هه روه ها من ژماره ی فاكسی كۆميسارياى عالی په نابه ران له ئانكارا/Turky Ankara له خواره وه ش ده نوسم 0090/312/4412173

به م لينكه ی خواره وه ش ده توانن بچنه ماڵپه ڕی UNHCR و به فشاردانی Contact us له سه ره وه ی ماڵپه ڕه كه شوێنی ديايكراو – ژنێو – يان توركيا هه ڵبژێرن . په يامه كه تان بنوسن و بينێرن .

**بۆ ماڵپه ڕی كۆميسارياى په نابه ران ئه م لينكه داگرن «««««««**

به ڕێز و سوپاسه وه بۆ هاوكاری يه كانتان
فه رهاد . ج 02/06/ 2003